# کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی

# KHK

مژدەو بانگ

لە کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتییەوە

K H K

----------------

2013/11/21

ئێمەی هاوبیرانی کوردایەتی کە لە رووی بیروباوەڕەوە، درێژکراوەی دیدوبۆچوونە فەلسەفی و هزرییەکانی کاژیک و پاسۆکین و ەاوڕاو هاوکارین لەگەڵ هەر تواناو هەرپێنووسێکی نەتەوەیی خاوێن و سەربەخۆو خاوەنی خەباتێکی نەتەوەییانەو شۆڕشگێڕانەی زیاتر لە پەنجا ساڵین لە شارو شاخەکانی کوردستانداو ماوەی چەند ساڵێکیشە چالاکییەکانمان لەرێی پێنووسەکانمانەوە، بە زۆری، لە بواری هزریدا چڕکردۆتەوە بۆ گەشەدان بە هوشیاریی نەتەوەیی و بۆئەوەی بواریش بخەینە بەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گێڕانەوەی ناوچە داگیرکراوەکان و ئاڕاستەکردنی قەوارە سیاسییەکەی باشوور بەرەو سەربەخۆیی. بەڵام بەداخەوە، ئەو دوو مەبەستە هیچ هەنگاوێکی کردەییان بۆ نەنراوە بەهۆی شەڕی ناوخۆو ململانێی حیزبایەتییەوە کەتائێستا ئەو ململانێیە درێژەی هەیەو رێگرە لەبەردەم بەئامانجگەیشتنی نەتەوەکەمان، بەڵکو مەترسییەکیشە لەسەر مانەوەی ئەو قەوارە سیاسییەمان کە بە خوێنی سەدان هەزار شەهیدی نەتەوەکەمان هاتەدی. لەوانەش خراپتر، ئێستا کار گەیشتۆتە ئەوەی پەلی هەندێک لەو حیزبانە بەدەستی یەکێک یا دوان لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوەیە، وەک سەردەمی میرنشینیە کوردییەکلن، کە ئەوە بوە هۆی لەناوچوونیان! هەندێ ئامادەش ئەوە ئەگەیەنن کەئێستا چەند لایەنێکی دەرەکی، بەهاوکاریی نۆکەرەکانیان لە ناوخۆی کوردستاندا، خەریکی پیلانێکن بۆکەرتکردنی قەوارە سیاسییەکەی باشووری کوردستان، پشتبەست بەیاسای پارێزگاکلنی عێراق وەک هەنگاوی یەکەم و دەسبەردان لەناوچە داگیرکراوەکان وەک هەنگاوی دوەم و کۆتاییهێنان بەقەوارەکەی هەرێم وەک هەنگاوی سێیەم! سەرباری کارە تیرۆرستییەکانی ئیسلامی سیاسی کە پریشکیان گەیشتە هەولێری پایتەختیش!! حیزبە گەندەڵەکانیش، بەهۆی شەڕە کورسیی پەرلەمان

# کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی

# KHK

و پاراستنی تاڵانییەکانی خۆیانەوە،کەمتەرخەمن بەرامبەر ئەم مەترسی و پیلانانەو ئەوانیش کاری کردەیی بۆ گێڕانەوەی ناوچە داگیرکراوەکان ناکەن و  دوورن لەئامانجی سەربەخۆیی کوردستانەوە!

ئەی جەماوەری ستەمدیدەی نەتەوە قارەمانەکەمان:

هەموو ئەو راستییە تاڵانەو پێویستیی تەواوکردنی نامەی پیرۆزی هەردوو رێکخراوی( کاژیک و پاسۆک)ی خاوەن شانازی بە رابوردوە پڕلەتێکۆشان و پاکەکەیانەوە،  بوونە هاندەرمان بۆئەوەی دەسکەینەوە بە خەباتی رێکخراوەییمان لەکۆمەڵەیەکدا، نەک حیزب. لەو باوەڕەمانەوە کە نەتەوەیەکی داگیرکراوو بەشبەشکراوی وەک کورد، بۆ حیزبایەتی ناشێ، بەتایبەتی ئەم شێوە حیزبایەتییە ستالینییەی حیزبەکانی سەرتاسەری کوردستان پەیڕەویئەکەن و بۆتە مایەی کەرتکردنی نەتەوەو گەندەڵی و ئەبێتە هۆی نائومێدی و بەئامانجنەگەیشتنی نەتەوەکەمان!!

بۆیە لە ئەنجامی ژمارەیەک دانیشتنی هاوبیرانەدا،دواهەمینیان، لە گوندی سیتەک بە بەرواری2013/10/25 بەئامادبوونی نوێنەری هاوبیرانی دهۆک و هەولێرو کەرکوک و سنەو سلێمانی و خانەقین و تاراوگە، بریاری کاراکردنەوەی چالاکییەکانمان لەم کۆمەڵەیەداداو ئەمڕۆش 2013/11/21 کارەکەمان ئاشکرا ئەکەین و مژدەی هەڵهاتنی خۆری ئەم کۆمەڵەیە بە سەرجەم نەتەوەکەمان ئەدەین و بانگی هەموو تاک و کۆمەڵێکی سەربەخۆیی خوازو هەموو پێنووسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان ئەکەین بۆ بەشداری لەم کۆمەڵەیەدا  وەک ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی پیرۆز.

سەرکەوتووبێ خەباتی لەپساننەهاتوومان لەپێناوی ئازادی و یەکسانیی کورد و سەربەخۆیی کوردستاندا.

کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی

K H K

# کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی

# KHK

راگەیاندنەکانی کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی

سەبارەت :

- هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و پارێزگاکان
- کۆنگرەی نەتەوەیی کورد
- پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێم
- پەیامەکەی ئوچەلان

- دوای تێپەڕبوونی نەوەد ساڵ بەسەر بەزۆرلکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقی عەرەبییەوە کە بوە هۆی ئەو هەموو مەرگەساتانە بەسەر نەتەوەی کوردماندا، هێشتا پارتە کوردییەکان زیاتر پێشبڕکێیانە بۆ رووکردنە بەغدادو وەرگرتنی پۆست و چوونەناو پەرلەمانی عێراقەوە، بەبێ ئەوەی ئەو هەولآنە بە درێژایی فەرمانڕەوایەتی پاشایەتی و قاسمی و عارفی و بەعسی وبرایمەرو مالیکی ، سوودێکیان بە دۆزی کوردمان گەیاندبێ، بەڵکو بەرئەنجامی ئەو هەولانە ، رەوایەتیدانبوە بە داگیرکردنی باشووری کوردستان و بە یەکێتیی خاکی عێراق و بە بەعەرەبکودنێکی زیاتری کوردستان بە گشتی و ناوچە داگیرکراوەکان بەتایبەتی . جگە لەوانە،ئەوەتا پاش 24 ساڵی فەرمانرەوایی کورد لە 3 پارێزگاکەداو زیاد لە 10 ساڵیش لەکەوتنی خوێنمژەکەی بەغدادو بوونی نوێنەرانی ئەو پارتانە لەپەرلەمانی عێراق و پۆستی سەرکۆمارو چەندین وەزارەت و ئەفسەری پلەداری کورد لە بەغداد ، هێشتا رێژەیەکی زۆری خاکی باشووری کوردستان لەژێر دەستی دەسەڵاتی بەغدادا ئەنالێنێ، ناوی مادەی 140ی دەستوور لەکوولەکەی تەڕیشدا نەماوە ، بەعەرەبکردن لە وسەردەمانەی پێشوو زیاتر درێژەی هەیە، دەرکردنی خێزانە کوردە کان بەردەوامە، تەقینەوەکان لەزیادبووندان بەجۆرێک کە پرژاوین گەیشتۆتە شارەکانی هەرێمیش ، هەڕەشەکانی بەغداد لەسەر نەوت و گازی خاکی خۆمان تابێ توندتر ئەبن ، رژێمی بەغداد لە هەڵپەی خۆبۆچەککردنێکی بەردەوامدایە بەئامانجی لەباربردنی قەوارەکەی هەرێم و...هتد . دەی کەواتە لەو خاوەن پۆست و پەرلەمانکارانەی بەغداد چی سەوزبوەو چی سەوزئەبێ!

# کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی

# KHK

ئێمەی هاوبیرانی کوردایەتی، هەرچەندە پێمان وایە ،هەر نزیکبوونەوەیەک لە پایتەختی داگیرکەرانی کوردستانەوە،دوورکەوتنەوەمانە لە ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان، بەڵام گریمان بەپێی لۆژیکی ئەو پارتە کوردیانە ، ئێمە هەڵەو ئەوان راستبن و بەرژەوەندیی نەتەوەکەمان لەو پۆست و پەرلەمانەی بەغدادا ببینن!! لەبارێکی وادا ئەبووهەموویان بە یەکدەنگی و یەکڕیزی بەشداریی ئەو هەڵبژاردنە بکەن، بەتایبەتی لە ناوچە داگیکراوەکاندا،کەچی یەکڕیزییەکەی 2013/12/8 یان بۆ ناوچەی کەرکوکی دڵ و قودسی کوردستان، 48 کاژێر بڕینەکردو لەسەر پۆستی سەرۆکی لیست ، ئەو یەکڕیزییەیان نەما! لەکاتێکدا ئەبوایە هەر لەسەرەتادا ، بۆ هاوسەنگی و راگرتنی بەڵانسی ئەو پارتانە ، سەرۆکی لیستێکی لەوجۆرە یا بەڕێکەوتنبوای ، یا بدرێ بە کەسێکی بەتواناو سەربەخۆی بێلایەن.. بەوجۆرە ، کورتبینی و بەرژەوەندیی خۆیی و پارتایەتی ، زاڵبووەوە بەسەر بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەکەماندا،بەجۆرێک کە رێکەوتنە ستراتیجیەکەی نێوان پارتی و یەکێتیشی خستە لاوە!

جگە لەوە ، ئەشێ لەئایندەیەکی نزیکدا رووبەڕووی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراقیش ببینەوە . بەتایبەتی هی ناوچە داگیکراوەکان کە بۆ ئەمەیان ، ئێمە هەڵوێست و باری سەنجمان جیاوازەو پشتگیریی ئەم هەڵبژاردنەیان ئەکەین . جا بۆئەوەی ئەمیش بە مەرەی ئەو نەچێتەوە ، بەئەرکی سەرشانمانی ئەزانین لە ئێستاوە دیدوبۆچوونمان لەم پێشنیارانەدا بخەینە بەرچاوی هەموو لایەنێکی پەیوەندیدار :

1 –یەکدەنگی و یەکڕیزی ،بەتایبەتی بۆ ناوچە داگیرکراوەکان و کاندێدکردنی کەسانی شیاوو خاوەن ناوباگی باش بۆ ئەو هەڵبژاردنە، تا خەڵکی بەپەرۆشەوە دەنگیان بۆبدەن.

2 – سەرۆکی لیستی هەر ناوچەیەک، کەسێکی شیاوی سەربەخۆو بێ لایەنبێ کە بەمە نوێنەرایەتی جەماوەری سەربەخۆش بوونی ئەبێ .

3 – ئەگەر ململانێی پارتایەتی لەسەر کورسییەکان، لەوێشدا سەری هەڵدایەوە ، ئەوا لەپێناوی یەکڕیزیدا بەرامبەر لیستە ناکوردییەکان ، با لێبوردەیی هەبێ و هەر لایەک چەند لێبوردەبێ،ئەوەندە سەنگی لەناو جەماوەردا زیادئەکات . ژمارەی دەنگی کاندێدەکانیش، ئەوە پیشانئەدا چ لایەنێک خاوەن جەماوەری زیاترە.

4 - هەموو ئەو کوردانەی خەڵکی یەکێک لە ناوچە داگیرکراوەکانن و لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن و هێشتا فۆرمی خۆراکیان لەسەر ئەو ناوچانەیە،ئامۆژگاریبکرێن هەریەک بچێت لەناوچەی خۆی دەنگبدات .

2013/12/27

# کۆنگرەی نەتەوەیی کورد

رۆژی 2013/7/22لەسەر داوای بەرێز مەسعود بارزانی و بەبەشداریی 39 پارتی سیاسیی کوردی،کۆبوونەوەیەك لە هاوینەهەواری سەلاحەدین،بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی ، سازکرا.

ئێمەی هاوبیرانی کوردایەتی، لەو روانگەیەوە کە بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی،یەکێکە لە خواست و ویستەکانمان و لە ساڵی 1979دا ئەو بیرۆکەیەمان خستە پێش چاوی هەندێ لایەن و ساڵی 1985 بۆ هەمان مەبەست دەزگای کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان دامەزرا، بەچاوێکی پڕبایەخەوە ئەڕوانینە بەستنی کۆنگرەیەکی نە تەوەیی بۆ بەدەسهێنانی ئامانجەکانی کە بە پلەی یەکەم بریتییە لە یەکڕیزیی کوردو داڕشتنی نەخشەڕێگەی بەدەسهێنانی داوا نەتەوەییە رەواکانی لە سەرتاسەری کوردستاندا .

هەر لەروانگەی پەرۆشیمانەوە بۆ سەرکەوتنی ئەو کۆنگرەیەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی، بەئەرکی سەرشانی خۆمانی ئەزانین ئەم دیدوبۆچوونانەمان بخەینە بەرچاوی گەل و کارگێڕانی کۆنگرەکە :

1- بەشدارپێکردنی نوێنەرانی کوردی پارچەی پێنجەمی کوردستان لە کۆنگرەکەدا کە رژێمی سۆڤێتی پێشوو ، پەرشوبلاوی کردنەوە بە ناوچەکانی یەکێتی سۆڤیەتداو ئێستە ژمارەیان پتر لە ملیۆنێکە .

2-بەشدارپێکردنی ژمارەیەك لەو کەسایەتییە کوردییە نەتەوەییە سەربەخۆیانەی جێدەستیان دیارە لە بیرو خەباتی کوردایەتی و بیرۆکەی کۆنگرەی نەتەوەییدا . هەروەها بەشدارپێکردنیان لە کارگێڕیی کۆنگرەکەدا، بەتایبەتی ئەوان بەچاوێکی گشتگیر و دوور لە دیدی پارتایەتی تەسکەوە ئەڕواننە کارەکەو ئە نجامی ئەدەن . کۆنگرەکەش ئەبێ هی نەتەوەی کوردبێ بە هەموو پێکهاتە حیزبی و ناحیزبییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیەوە،نەك تەنیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی چەند حیزبێك،یا بۆ جێبەجێکردنی نەخشەی ئەو نەیارانەبێ کە ئەیانەوێ چەك بەهێزە شۆڕشگێڕەکانی نەتەوەکەمان دابنێن و دەستەمۆیانبکەن و بەناوی خەباتی ئاشتیانەو دیموکراتیکەوە خەباتی شۆڕشگێڕانەی کورد لە گۆڕنێن !! لەکاتێکدا تا ئێستا هیچ نەتەوەیەك، نەك هەر دەسبەرداری چەك نەبوە ، بەڵکو بەردەوام پەرەو گەشە بەچەکەکانیان ئەدەن ، بەتایبەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان کە بەدرێژایی مێژوو دژ بەکورد بەکاریانهێناوەو بەکاریئەهێنن .

3-ئەو کۆنگرەیە نابێتە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی ئەگەر بەئاشکراو راشکاوانە سەربەخۆیی کوردستان نەکاتە ستراتیجی خۆی.ئەوەش مافێکی رەوای هەر نەتەوەیەکە لەسەر گۆی زەوی و لەگەڵ پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان و مافی مرۆڤدا گونجاوە.ئەوەشی لاریی لەو مافە هەبێ، با لە پێشدا ئەو مافە لە نەتەوەکەی خۆی بسەنێتەوە ئەوسا لەکورد.

4-ئێمەش خوازیارین،هەتا بکرێ، داواکارییەکانی نەتەوەکەمان بەریگەی ئاشتی و دیموکراتیانەو دوور لە چەك و خوێنڕشتن بێ ، وەك لە کۆبوونەوەکەی 2013/7/22دا جەختت لەسەر ئەو تاکە ریگەیە کراوەتەوە . بەلام ئێمە ئەو ریگەیە بە تاکە ریگە نازانین لەگەڵ هەر داگیرکەرێکی کوردستاندا کە نەك هەر دان بەمافە رەواکانی نەتەوەکەماندا نانێ، بەڵکو هەمیشە، بە نهێنی و بە ئاشکرا، کار بۆ لەناوبردن و تواندنەوەی نەتەوەکەمان ئەکات! ئەوەتا تا ئیستەش بەردەوام لەرۆژهەلاتی کوردستان بە کۆمەڵ ملی رۆڵەکانی نەتەوەکەمان ئەکرێ بەدارا لەسەر بچووکترین داواکردنی ئاشتیانەی مافە رەواکانیان . لە باکووریش،دوای کشانەوەی گەریلاکانیش ، رژێمی تورك هیچ هەنگاوێکی کردەییانەی بەرەو ئاشتی و مافەکانی کورد نەناوە. لە باشووریش دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دە ساڵ بەسەر کەوتنی رژێمی دیکتاتۆریی بەعس و هاتنە سەر کاری رژێمی دیموکراتیانە( ! )لە عێراقدا ، نەك هەر یەك بست لە ناوچە داگیرکراوەکان نەگەڕێنراوەتەوە سەر قەوارەکەی کوردستان ، بەڵکو بەردەوام خەڵکی ئەو ناوچانە بوونەتە ئامانجی کارە تیرۆرستییەکانی ( برا )!عەرەبەکانمان . لە رۆژئاواش، تازەبەتازە چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی و بیلادی شام و بەرەی نوسرە ، کەهێشتا جڵەوی حوکمیان نەکەوتۆتە دەست لە سوریادا ، هێرشی دڕندانە ئەکەنە سەر کوردو لە مزگەوتەکانەوە بانگەشەی ئەوە ئەکەن کە کوردەکان بکوژن و ماڵەکانیان تالآنکەن و ژنەکانیان حەلآڵکەن بۆخۆیان کەگوایە بەوە ئەچنە بەهەشت!! جا ئاخۆ خەباتی ئاشتیانەو دیموکراتیانە لەگەڵ ئەو دڕندانەدا،لە خۆبەدەستەوەدان بەولاوە،هیچ واتایەکی تێدایە ؟!

5-وەك سەرنجێك،داخستنی دەروازەی سنووریی نێوان باشوورو رۆژئاوای کوردستان، لەگەڵ ئەم بانگەشەی کۆنگرەی نەتەوەییەدا ناگونجێ!

کەواتە ئەو بانگەشەی( خەباتی ئاشتیانەو دوور لەچەکە ) کە لە کۆبوونەوەکەی سەلاحەدیندا ئەدرا بە گوێدا، وەك تاکە رێگەیەك، بۆ بەدیهێنانی مافەکانی نەتەوەکەمان، هیچ بنەمایەکی راستی و وانەیەکی سیاسیی تیانیە . زیانی ئەو جۆرە بانگەشەیەش لەم خالآنەدا بەدیار ئەکەوێ:

أ-کوشتنی گیانی شۆرشگێڕانە لە تاك و کۆی کوردا.

ب-درێژەدان بە باری کەسێتیی شکستخواردووی کوردو ترساندنی لە خەباتی چەکداری بەجۆرێ کە تەنانەت نەتوانێ بەرگری لە ژیانی ئاسایی خۆیشی بکا .

پ-هاندانی زیاتری دەسەلآت و گرووپە چەکدارەکانی دژبەکورد بۆ کوشتاری کورد بە رەهایی و بێ ترس لە بەرەنگاربوونەوەی چەکداری بەرامبەریان .

ت-گومانی ئەوە دروست ئەبێ، کە کاسەی ئەو جۆرە بانگەشەیە، بێ ژێرکاسە نەبێ ! و ...هتد

6-هەرچەندە ئێمە لەگەڵ سیستمی حیزبایەتیدانین بۆ نەتەوەیەکی دیل و پارچە پارچەکراوی وەك کورد، لەگەڵ هەلآوێردکردنی هیچ قەوارەیەکی سیاسیی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردیشدانین لەمڕۆدا بۆ ئەم کۆنگرەیە .

بۆیە داواکارین بۆ ئەو کۆنگرەیە ، ئەو جۆرە دیاردەو بانگەشانە بەدیار نەخرێن. بەتایبەتی ئەو کۆنگرەیە کارێگی خۆبەخۆی کوردەو لەبەردەم هیچ دادگاو لێپرسینەوەیەکدا نەوەستاوە تا پاکانە لەخۆی بلێت ، . ئنجا وەك کوردەکە ئەڵێ: ( کە خاس نایژی خراپ بۆ!؟ ) با لەو کۆنگرەیەدا ئەگەر ئاماژە بۆ خەباتی چەکدارانە نەکرێ لەبەر بارودۆخەکە، بانگەشە بۆ خەباتی خۆبەدەستەوەدانیش نەکرێ .

لەکۆتاییدا بەهیواین ئەم کۆنگرەیە ببێتە ناوەندێکی هەمیشەیی بۆ یەکخستنی ناوماڵی کوردو بریاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی نەتەوەکەمان و گەیاندنی پەیامی یەکدەنگیی نەتەوەکەمان بە ناوەندە جیهانیە بریاربەدەستەکان بەمەبەستی پشتگیرییان بۆ دۆزی رەوای کورد لە سەرتاسەری کوردستاندا .

هاوبیرانی کوردایەتی

2013/7/27

## هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێم

***

ئەم هەڵبژاردنەی 2013 دوای تێپەڕبوونی 22ساڵ دێت بەسەر دامەزراندنی قەوارە سیاسیەکەی باشووری کوردستاندا ، ئەم ماوەیەش بەسە بۆ دوورکەوتنەوە لە کەموکورتی و هەڵەو ناتەواویەکانی پێشترو ئەمجارە هەڵبژاردنێك ئەنجامبدرێ کەهەم لەگەڵ بارودۆخی نەتەوەکەماندا گونجاوبێ و هەم لە ئاستی هەڵبژاردنی وڵاتانی پێشکەوتوودابێ .

بەباوەڕی ئێمە ،هەلآبژاردنێکی لەوجۆرە، ئەبێ ئەم مەرجانەی تێدابێ :

1- هەڵبژاردنی پەرلەمان لەسەر شێوەی بازنەییبێ نەك ریژەیی. بۆ ئەوەی هەر دەنگدەرێك بزانێ کێ هەڵئەبژێرێ و کێ ئەبێتە نوێنەری و لە ناو پەرلەمانیشدا هەمیشە چاودێریی ئەو نوێنەرەی خۆی بکات و بزانێ تا چەند چالاکەو سوورە لەسەر جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆی . لەم شێوە هەڵبژاردنەشدا مەترسیی تەزویر زۆر کەمترە ، ئەوەش بەخۆپالآوتنی تاکەکەس ئەبێ( هەرکەس بۆناوچەکەی خۆی ) نەك بە لیست . بە پێچەوانەی شێوەی ریژەیی کە بە لیستە( بۆ هەموو هەرێم ) و نەدەنگدەر ئەزانێ کێ نوینەرێتی و نە هەڵبژێردراویش ئەزانێ نوێنەری چ ناوچەیەکە، مەترسیی تەزویریشی زۆر لیئەکرێ وەك لەهەڵبژاردنەکانی پێشتردا بینیمان .

2- بنکەی دەنگدان بۆ هەر دەنگدەرێك دیارییکرێ و بۆی نەبێ لە بنکەیەکیتر دەنگ بدات.

3- ئەنجامی هەر سنووقێکی دەنگدان لەهەمان رۆژدا ئاشکرا بکرێ .

4- بارمتەیەکی کەم لە هەر پاڵێوراوێك وەرگیرێ کە لە نیو ملیون دینار زیاتر نەبێ.

5- لە ئەگەری هەڵبژاردن بەرێژەیی و بەلیست، ئەم خاڵانە رەچاو بکرێ :

ا- لیستی کراوە یا نیوەکراوە نەك داخراو.

ب- بڕی بارمتە لە دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێ بۆ هەر لیستێك.

پ- رێژەی 7٪ کەمکرێتەوە بۆ 1٪

ئەوانە ، سەرباری ئامۆژگارییە ئاساییەکانی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان .

6- هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوەبێ نەك پەرلەمان و ئەم پێشمەرجانەشی تێدابێ:سەربەخۆبێ یا دەس لە پارتییەکەی بکێشێتەوە،هیچ هێمایەکی گەندەلیی لەسەرنەبێ، جێدەستی لەخەباتی نیشتمانی و نەتەوەییدا دیاربێ، ئاستی رۆشنبیرییەکەی بالأبێ ، خێڵخوازی و ناوچەگەرێتیی نەکردبێ، پابەندبوونی خۆی بەم بوارانەوە رابگەیەنێ: سەروەریی یاسا،ئاڵوگۆڕی دەسەلأت،دەسپاکی،خەبات لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان و ئازادیی کوردا،ئاشکراکردنی سامانی خۆی .

ئێمەی هاوبیرانی کوردایەتی ئامادەیی خۆمان پیشانئەدەین بۆبەشداریکردن لە خۆپالأوتندا بە هەرکام لەو دوو شێوەو مەرجانەی سەرەوە . بە پێچەوانەی ئەو مەرجانەی سەرەوەش، بەشداری لەخۆپالأوتندا ناکەین ، بەلأم لەهەموو بارێکدا بەشداریی لە دەنگداندا ئەکەین و ئاشکرائەکەین دەنگ بەو لایەنە ئەدەین کە بیرو بەرنامەی لە ئێمەوە نزیکبێ ، بەتایبەتی لەم بوارانەی خوارەوەدا:

ا- وەستان دژی هەر کەرتبونێکی قەوارە سیاسیەکەی باشوری کوردستان ، یا زیاتر بەستنەوەی بە داگیرکەرانی کوردستانەوە.

ب-گێڕانەوەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بەرێگەی یاسایی، ئەگەر نا، ئەوا لەرێی هێزە وە .

پ- کۆتاییهێنان بە پاوانکردنی ئەو جۆرە پارتایەتییەی بووە هۆی شەری ناوخۆ و تالأنکردنی سامانی کوردستان و دروستبوونی هەموو جۆرەکانی گەندەڵی وچاوپۆشین لە پاشماوەکانی رژێمی بەعس.

ت- دارشتنەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان بەجۆرێك کە سنوری سروشتی و مێژوویی باشوری کوردستانی تیا دیاری بکرێت.

ج- هەموو داهاتەکانی کوردستان بچێتە گە نجینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە داهاتەکانی بەرهەمە نەوتیەکانەوەو دەستی حیزبەکان لەسەر ئەو داهاتانە هەڵگیرێ و بنەمای "ئەمەت لەکوێ بوو؟" پەیرەوبکرێ بۆ نەهێشتنی گەندەڵی.

خ- دامەزراندنی سوپایەکی بەرگری یەکگرتوو  و  پڕچەککردنی بەهەموو جۆرە چەکێکی بەرگریی ئەم سەردەمە.

د- مانەوەی باشوری کوردستان لەم قۆناغەدا بەلکاوی بە دەوڵەتی عیراقەوە ، بەندە بەوەوە ، کە  پەرلەمان و حکومەتی ناوەندی لە بەغدا دانبنێن بە سنوری سروشتی و مێژوویی کوردستان و گەڕانەوەی ناوچە کوردستانیە داگیرکراوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان و داننان بە مافی چارەنووسی نەتەوەکەماندا.

ر-کورد یەك نەتەوەیە وکوردستان یەك نیشتمانەو هەموو دەستکەوتێکی سیاسی و ئابووری ئاراستەبکرێ بۆ یەکێتی کورد و سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی کوردستان و ئازادیو  یەکسانی کورد.

ز- جاڕدانی سەربەخۆیی باشووری کوردستان لە نزیکترین هەلی گونجاودا .

ئەوانە ، سەرباری رەچاوکردنی بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی کەمینەکان و عیلمانی و یەکسانیی هەردوو رەگەزو جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و بیمەی بیکاری و دادی کۆمەڵایەتی و ...هتد

7-داواش لە هەموو هاوبیران و رۆشنبیران و هەموو تاك و کۆمەڵێکی نەتەوەیی نەتەوەکەمان ئەکەین باری سەرنج و پشتگیریی خۆیان بۆ ئەم راگەیاندنە بنێرن بەهۆی ئەم ئیمەیلەوە  kk_1959@yahoo.com   یا بە مەسیجیك بۆ 07710132210

2013/5/17

## پەیامەکەی ئوجەلان لە نەورۆزی2013 ە دا

بە پێی ئەو راستییەی کە مەسەلەی کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا, یەك مەسەلەیەو هەر گۆڕانکاریەك لە هەر پارچەیەکیدا, کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر پارچەکانیتر ئەبێ. بە ئەرکی خۆمانی ئەزانین باری سەرنجمان بەرامبەر پەیامە سەرسورهێنەرەکەی بەڕێز عەبدوڵا ئوجەلان پیشانبدەین  .

سەرەتا ئەڵێین, بە پێی هەموو پێوەرە یاساییەکان کەسێکی زیندانیکراو ئەهلیەتی یاسایی نیەو خاوەنی ئیرادەی تەواوەتی خۆی نیە چجای کەسێکی وەك ئوجەلان کە14 ساڵە لە زینداینێکی تاکە کەسیدایە و لەژێر گوشار و ترس و تۆقاندنی رەگەزپەرستانی تورکدایە کە ئەوەش لەوانەیە بوبێتە هۆی نا ئومێدی ئەو، سەرباری ئەوەی  ئەو بەڕێزە دوورە لەواقیعی نەتەوەکەی و گۆڕانکاریەکانی کوردستان و جیهان.

# کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی

# KHK

لەماوەی سالآنی زیندانیەکەیدا هەندێ هەڵوێستی هەبووە کە دژو پێچەوانەی دیدوبۆچوونەکانی پێش زیندانیکردنەکەییوو. لەوانە ، وەك ویستبێتی حاشا لە کوردبونی خۆی بکا ، جارێك وتوێتی من دایکم تورکە. لە پەیامێکیشیدا کەوتبووە مەدحو پیاهەڵدان بەسەر پەیمانی لۆزاندا!! ئەوە جگە لەوەی ئامانجی پەکەکەی لە سەر بەخۆییەوە گۆڕی بۆ پێکەوە ژیان لەگەل تورکدا. ئێستاش لەم پەیامەیدا وەك ناوی پەکەکەی لەبیرنەمابێ ، یا وەك ئەوەی خۆی بەگەورەتر لە پەکەکەو کورد بزانێ( کەئەمانە ئاسایی نین ) بەناوی تەنیا خۆیەوە ئەدوێ ! هەروەها بەبێ راو راوێژی سەرکردایەتی پەکەکەو رێکخراوە سیاسیەکانی تری باکور بریاری تاکەکەسی ئەدات ! . بۆیە لەخوارەوە بەکورتی ئەو پەیامەو هەڵوێستی دەسەلآتی تورکیش ئەخەینە ژێر هەندێ پرسیارەوە.

دوای ئەوەی هەوڵەکانی تورك لەماوەی 90 ساڵی رابردوودا بۆ قەلاچۆو تواندنەوەی کورد ، ئامانجیان نەپێکا, دیسان دوای 30 ساڵیش شەڕی پەکەکە، نەیتوانی چۆك بەگەریلاکانی کورد دابدات. هەروەها دوای زیندانیکردنی عەبدولا ئوجەلان ، ئەو خەونەی نەهاتەدی کەبزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە باکوردا لەناوبەرێ , بەڵکو بە پێچەوانەوە ، ئاگری بزووتنەوەکە تابێ زیاتر کڵپە ئەسێنێ ، بۆیە ئێستا رووی لەرێبازێکی تر کردووە تا ئەوەی بەشەر بەدەستی نەهێنا ، بە ئاشتی بەدەستی بهێنێ،ئەویش چەك دانانە بەگەریلاوکۆتایی هێنانە بەشۆڕشی گەلی کوردستان لە باکوردا. پەیامەکەی ئوجەلانیش (کە جێگەی چەندین گومان و پرسیارە ) وائەنوێنێ بەشێکبێ لەو هەوڵەی تورك !. ئێمە لەگەڵ رێزماندا بۆ خەباتو بەرهەمەکانی ئوجەلان, ئاماژە بۆ ئەو راستیەش ئەکەین کە ئەوبەڕێزە, ئەگەرچی لەسەردەمێکدا تێکوشەرێکی ماندوونەناسو رابەرێکی بەتوانابوە, بەلآم ئێستا بە پێی ئەوەی زیندانیەکەو چەن ساڵێکە کاربەدەستانی تورك هەموو هۆکارێکی ترساندنو پزیشکیو هونەریان لەگەڵدا بەکارهێناوە بۆ شتنەوەی مێشکی، هەر راو بڕیارێك لەو بەرێزەوە, لەم بارودۆخەی ئێستایدا ئاسایی نیەو ئەبێ گەلی حیسابی لۆجیکیو زانستیانەی بۆبکرێو فەرمانەکانی کوێرانە جێبەجێ نەکرێن و پیت بە پیتی وتەکانی شیکرێتەوەو بزانرێ لەژێر چ کاریگەریەکداو بۆ چ مەبەستێك ئەدوێ یا بەکۆمەڵێ دەستەواژەی تەمومژاویەوە هێناویانەتە دواندن، وەك : ( دەسپێکی سیاسەتی دیموکراتیك و مۆدێرنتەو..هتد ) کەئەمانە زیاتر دەستەواژەی فەلسەفین و چەندین لێکدانەوەی جیاواز هەڵئەگرن نەك دەستەواژەی سیاسی کە ئەبێ وەك زمانی ماتماتیك روون و بێ تەمومژبێ . ئەم شێوازە تەمومژاویەش هەمیشە دوژمنانی کورد لە کاتی لاوازیاندا بەکاریان هێناوە بۆ ئەوەی لەکاتی هێزیاندا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان شرۆڤەی بکەن ! لەم روانگەیەوە ئێمە بەئەرکی خۆمانی ئەزانین کە ئەم باری سەرنجانەمان بخەینە روو:

- لە پایچی دوای 30 ساڵ قوربانیدان گەریلاکانی پەکەکە چەك دانێنو کۆتایی بە شۆرشەکەیان بێنن!؟
- دەرکردنی گەریلاکان لە نیشتمان و لە زێدی خۆیان ، مانایچی !؟ لە کۆتایی چ جەنگ و چ شۆرشیکدا، مەرجی وا ئابڕووبەر، قبوولکراوە ؟ بۆچی ئەو تێکۆشەرانە، شۆڕشیانکردو هەزاران شەهیدیاندا ، بۆئەوەبوو لە ئە نجامدا شاربەدەرکرێن و لە خێزان و منداڵیان دوور خرێنەوە !؟

# كۆمەڵەی هاوبیرانی كوردایەتی

# KHK

- بەرامبەر بەچی ، دیلە توركەكان ئازادكران ؟ لەكاتێكدا دەهەزار تێكۆشەری كورد لە زیندانەكانی توركیادان و هیچ هەنگاوو بەڵێنێك نیە بۆ ئازادكردنیان.
- بەرامبەر ئەم پەیامەی ئوجەلان، دەسەڵاتی تورك نەهەنگاوێكی ناوە ، نەهیچ گفتێكی داوە بۆمافی نەتەوەیی زیاتر لە 30ملیۆن كورد لەباكوردا .
- هێشتا پەیامەكەی ئوجەلان ، 3 رۆژی بەسەردا تێنە پەرییوو، ئەردۆگان و گیول كەوتنە گلەیی و گازندەو بڕوبیانوو سەبارەت بەوەی لە ئاهەنگەكانی نەورۆزدا ئاڵای تورك بەرزنەكراوەتەوە. ئەمەشیان بە ئاستەنگێك دانا لە رێگەی پرۆسەی ئاشتیدا.هەروەها سەرۆكی پەرلەمانی توركیا جەمیل چیچەك، دوای پەیامەكەی ئوچەلان،بە گەریلاكانی قەندیل ئەڵێ( تیرۆرست و پیاوكوژو بەبێ پیاوكوشتن ناتوانن دانیشن ) . بە پێی ئاژانسی جیهانی توركیش ، دەستەی ئەركانی سوپای توركیا ، هەواڵەكانی وەستاندنی پرۆسەی سەربازی رەتدەكاتەوە !
- دروستكردنی ئە نجومەنی دانایان, گوایە بۆ چاودێری پرۆسەی ئاشتی و كۆتایی هێنانە بەتیرۆر! راستییەكەی بۆ خلافاندنی كوردە تا ئەردۆگان بەتەواوی مەبەستەكانی ئە پێكێ. ئەم ئە نجومەنە وەك ئەو لیژنانەیە كە بۆ لەگۆڕنانی مەسەلەیەك پێك ئەهێنرێن . ئەگینا كێشەیەكی گەورەی وەك كێشەی كورد بە ئە نجومەنێكی لەو جۆرە چارەسەر ناكرێت. توركیا دەوڵەتێكە خاوەنی پەرلەمان و حكومەت و دەستورو یاسایە. ئەو كێشەیە ئەبێت لەو كەناڵانەوە چارەسەر بكرێ.
- ئوجەلان كاتێك ئەتوانێ رایەكی دروست و جێگەباوەر بدات كە لەزیندان ئازادكرێ و لە ژێر هیچ گوشارێكدا نەمێنێ.
- رژیمی تورك ئەگەر بەراستێتی ئاشتەوایی ئەوێ ، ئەوا ئەبێ جگە لە ئوچەلان ،لەگەڵ قەندیل و دیاربەكریش دانوستانبكات. سەرەتا ئەبێ بەفەرمی واز لەو دروشمە شۆڤێنیەی بێنێ كە ئەڵێ: ( یەك نە تەوە،یەك زمان،یەك ئاڵا،یەك نیشتمان ) . هەموو زیندانیە كوردەكان بە ئوچەلانیشەوە ئازادكات ،بەفەرمی ئاگربەست راگەیەنێ .
- رژیمی تورك لە سۆنگەی هێزەوە داوای ئاشتەوایی ناكات . بەڵكو گورزە كوشندەكانی گەریلاو خۆڕاگری قەندیل و را پەڕینی جەماوەری شارەكانی باكوورو پەلەقاژەی بۆ بەئەندامبوون لە یەكێتی ئەوروپاو زاڵبوونی PYD لەرۆژئاوای كوردستان و چاوبڕینە نەوت و بازارەكانی باشوور پاڵیان پێوەناوە كە پەنا بباتە بەر بەرێز ئوچەلان بەلاَم بە هەرزانترین نرخ !! لە هەمان كاتیشدا ئەیەوێ بە تیرێك 2 نیشان بپێكێ كە نیشانی دوەم نانەوەی 3بەرەكیە لەنێوان ئیمیرالی و قەندیل و دیاربەكردا !.بەرامبەر ئەم راستیانەش ئێستە تای ترازووی كورد سەنگینترەو رۆژ رۆژی پێداگرتنە نەك سازش یا دەسخەرۆبوون بە بەڵێن یا دواخستنی خواستەكان و دابەشكردنی بەسەر چەند قۆناغێدا !

لەبەر ئەوە ، داوا لە سەركردایەتی پەكەكە ئەكەین كە خۆڕاگربن و ئەو راستییە بزانن كە ئێستە لەلوتكەی هێزدان و نەكەن بەو پەیامە دەستخەرۆبن . گەریلاكانیشیان لە باكور نەكشێننەوە تا مافە نەتەوەییەكانی كورد لە دەستووری توركیادا جێگیر ئەكرێ و بەكردەوەش و

بە گەرەنتی و بە زەمانەتێکی نێودەوڵەتیش ئەو مافانە پارێزراوبن. لەبارەی چەك دانانیشەوە ، بەهیچ جۆرێك چەك دانەنێن، بەڵكو تابتوانن چەكەكانیان زیاترو كاریگەرتر بكەن . چەك بۆ هەمووكاتێك پێویستە. لەسەردەمی شۆڕشدا بۆ بەرگری, لەسەردەمی قەوارەیەكی كوردیدا بۆ پاراستنی ئەو قەوارەیە . یا وەك بەڕێز بێشكچی ئەڵێ : بۆچی هەموو لایەك چەكداری هەبێ و تەنیا داوا لە كورد بكرێ چەك دانێ ؟!

نابێ پەكەكە خۆی و خوێنی ئەو هەموو شەهیدانە بكاتە قوربانی ئەم پەیامەی ئوجەلان كە جێگەی گەلێ گومانە !، یا بۆ ئازادكردنی ئوجەلان ،كە توركیا ، یا هەر ئازادیناكا ، یا ئەگەر ئازادیشیكرد ئەوا دوای گورزێك لە تەندروستی ئوجەلان ئازادی ئەكات. دیسان نابێ پەكەكە بەو پشتگیریە فرەلایەنە بۆ پەیامەكەی ئوچەلان دەسخەڕۆبێ . ئەوانە هەر یەكەو لە گۆشەنیگای بەرژەوەندیی خۆیەوە ئەو پشتگیرییە ئەكات !

لەلایەكیترەوە ،نە پەیامەكەی ئوجەلان و نە وتەكانی ئەردۆگان تا ئێستە ئاماژەیەكیان تیانیە بۆ مافی نەتەوەیی كورد. بە پێچەوانەوە، ئوجەلان لە نامەكەیدا ئەڵێ ( ئەمرۆ رۆژێكی نوێیە بۆ توركیایەكی نوێ ) ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ كە ئەگەر ئوجەلان لەژێر گوشارێكدا ئەو پەیامەی بڵاونەكردبێتەوە ، ئەوا بە داخەوە ئەو ئێستە لەخەمی توركیادایە نەك كورد

ئەم پەیامەی ئوجەلان ئەگەر نسكۆیەكی بەدوادابێ ، ئەوا ئەبێتە كوشندەترین گورز بۆ هەر چوارپارچەكەی كوردستان ، بەتایبەتی بۆ رۆژئاوای كوردستان كە ئێستا كوردی رۆژئاوا خەریكە ئەكەوێتە سەرپێی خۆی. هەروەها گورزێكی گرانە بۆ ئامانجی سەربەخۆیی كوردستان و ساڵەهایەك دوایئەخات، لەكاتێدا ئێستە گەلێ ئاماژە هەیە بۆگەیشتن بەو ئامانجە . گریمان ئەردۆگان و حیزبەكەی نیهادیان پاكبێ، بەڵام ئەبێ بزانین كە حاكمی رەها لە توركیادا تەنها ئەوان نین. توركیا وڵاتێكە تا ئێستە عەسكەر خاوەنی بریاری كۆتاییە تیایدا, ئەوە جگە لەبونی چەند حیزبێكی تری رەگەزپەرستی كەمالی كە لەهەر هەڵبژاردنێكدا ئەگەری هاتنە سەر حوكمیان هەیە . ئەوەشمان لەبیرنەچێ كە ئەم هەنگاوەی ئوردوگان بەناوی ئاشتەواییەوە, جگە لەو مەبەستانەی ئاماژەمان بۆكرد ، هەوڵێكیشە بۆ لەباربردنی نەخشەی نوێی رۆژهەڵاتی ناوەراست كە كوردستانێكی سەربەخۆی لەخۆگرتوە . هەروەها پروپاگانتەیەكە بۆ هەڵبژاردنەوەی پارتەكەی .

ئێمە وەك ژمارەیەك هاوبیرانی كوردایەتی ،بڵاوكردنەوەی ئەم راگەیاندنەمان هەفتەیەك دواخست تا بزانین كاردانەوەو هەڵوێستی رژێمی تورك چیئەبێ ،لە ئەنجامدا دەركەوت یەك هەنگاو لە لووتبەرزی و رەگەزپەرستیی خۆی نەهاتۆتە دواوە ! وەك پەكەكە شكست و دۆڕاوی جەنگبێ ! . بۆیە وا ئێستە راگەیاندنەكەمان ، وەك نامەیەكی كراوە ، ئاڕاستەی سەركردایەتیی پەكەكە و رای گشتی ئەكەین . داواش لە هەر لایەن و هاوبیر و رۆشنبیریكیدی ئەكەین ( ئەوانەی پێڕانەگەیشتین پەیوەندیان پێوەبكەین ) دەنگیان بخەنە پاڵ

# کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی

# KHK

دەنگمان بە ناردنی ناویان بۆ ئەو کەناڵانەی ئەم راگەیاندنە بلاوئەکەنەوە ، تا ناوەکانیان بخرێنە پاڵ ناوەکانمان ، یا بە وتارێك ، یا بە بەدواداچوونیك رای خۆیان پیشاندەن . بە ریزو سوپاسەوە .

ناوەکان : کامیل ژیر، پشکۆ ئەمین ، فەرهاد عەبدولحەمید ،حەمەرەشید هەرەس ،د.هۆگر مەحمود ، د. ئەحمەد میراودەلی ، د. حسەین خەلیقی ، د. حسەین محەمەد عەزیز ، د. ئازاد مەنتك ، سیروان کاوسی ، سمکۆ عەلی ئەمین وەیسی ، شوان بەرزنجی ، یونس سیڤەر ، هاوری میرۆیی ، کەژاڵ مەرزبان ، رزگار موکری ، رێبوار نەلاسی ، حەسەن مەرزبان ، نیعمەت کاوسی ، حەکیم کاکەوەیس ، هەڵۆ محەمەد بەرزنجی، بەختیار شەمەیی، عوسمان تۆفیق ، ئارام قادر ، عەلی حەمە ساڵح ، ئاراس نوری ئەحمەد تەها ، بروسکە ئیبراهیم ،ئیسماعیلی دەلاك . ئەیوب رەحمانی ، شوان خەفاف . زمناکۆ نوری ئەحمەد تەها ،بینایی پشکۆ ئەمین ، تەها دەوێش نادر، ساسان دەروێش، ئومێد سەعید گەوهەر، بەرزان سەعید گەوهەر، کارزان سەعید گەوهەر، کاروان ئەمین ئەحمەد خەفاف، نزار ئەحمەد عارف، نیگار عوسمان، نەورۆز مەلا عەلی، ئاکۆ ئەحمەد محەمەد پۆلیس، رزگار شەمەیی، رۆژگار عەبدولا، محەمەد قوربانی، ماناز قوربانی، سەید حیشمەت یارسان، محمەد شاسواری، موژدە سافی، بەرزان عەزیز، رزگار خانەقینی، شۆرش شاباز، مەنسور عەلیالی، ئاوات حەسەن، سمایل رەسولی، تاها حەسەنیان، دیاکۆ زەندی، شەیدا ئەمین، سامرەن سارزانی، ئازاد محەمەد زادە، گەلاوێژ مادەرانی، شەیدا ئەمین، جەمال ئەحمەد، ئاشتی کوردستانی، کەریم ئەلاوەیسی، نەسرین روبین، مستەفا رابەر، سیروان سالح زادە، رەوف مەرزبان، رێباز شەریفی، گەلاوێژ مەریوانی، محەمەد بەدری، هوشیار مهابادی، شێرکۆ سەبری بۆتانی، توانا بەهمەن

لایەنەکان / هاوبیرانی کوردایەت . : پاسۆگ - لقی ئەوروپا ، مەڵبەندی ئاوێستا ،بزووتنەوەی لاوانی 17ی شوبات ،کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان- باشوور..

2013/3/ 28

بۆ پەیوەندی: ماڵپەری کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی یامۆبایلی 07710132210 یا psko.amin@hotmail.de